# له ناو هەموو ئەو کێشانە لە کوردستاندا....
# ئالا لە کوێدایە!!

**فاتمه عومەر ڕێشاوی**
fatima1964_1@hotmail.com

ئایا کورد مافی خۆی نیە وەک هەموو میللەتێکی تر ئالای خۆی بەراسەریەوە بشەکێتەوە ؟ ئایا مافی خۆی نیە گەورەی مالی خۆی بێ؟؟ بەلێ . بەلام چۆن ؟؟

ئەوەی نکولی لەمە هەبێ نامرۆڤ و شۆڤێنی نیە ؟؟ بەلێ بەلام ئەمەشیان چۆن ؟

لەسەروبەندی ئەو گۆڕانکاریەی کە لە عێراق لەسەر دەستی ئەمەریکا ڕوویداو بووە هۆی ڕزگار بوونی گەلانی عێراق, ئالا بووە یەکێک لەو کێشانەی کە ئەم گۆڕانکاریە لەگەل خۆیدا هێنای !!. شەڕە ئالا هاتە کایەوە, ئالای عێراق , ئالای عێراقی پێش سەددام, ئالای عێراقی سەددام _ کە جیاوازیەکەیان ووشەی الله اکبر– ە و ئالای کوردستان.

ئەوەی کە چاوەڕێ دەکرا گێڕانەوە و هەلکردنەوەی ئالای عێراقی پێش سەددام بوو, بەلام بە داخەوە ئالای عێراقی سەددام هەر وەک خۆی بەشەکاوەیی مایەوە, هۆی ئەوەش ئەوە بوو کە ووشەی (الله اکبر)ی بە جۆرێکی وا کاریگەرە لە دەروون و مێشکی کۆمەلگەی عێراقیدا, کە ئەو ئالایە مادام ئەو ووشەیەی تێدایە با هەزاران تاوانیش لە سایەیدا کرا بێ هەر دەبێ قوبول کراو بێ. نا هۆشیاری و دەمارگیریەکە بە جۆریەکە هەر دەلێی ئالا مرۆڤ دروست دەکات نەک مرۆڤ ئالا دروست بکات. سالح موتلەگ و هاوبیرەکانی وا دەزانن سنوری عێراق لە ئاسمانەوە کێشراوە. لە بیریان چوەتەوە ئەو سنورە ئەو ئینگلیزە – کە ئەوان بە دوژمنی ئەزانن – کێشاویەتی.

سەرکردایەتی کوردیش بە دوپاتکردنەوەی دلسۆزیان بۆ یەکپارچەیی عێراق ئەو خەیالەیان بۆ کردنە ڕاستی, ئێستەش دەیانەوێ بە ئالایەک بەرامبەریان بوەستن.

بۆیە لە لایەکی کەشەوە ئەگەر بمانەوێ مونسیف بین و مەدەنیانە بیربکەینەوە, دەبێ ڕەخنە لە خۆشمان بگرین و نیشانەی پرسیار بخەینە بەردەم هەژاندنی مەسەلەیەکی وا ڕەمزی لەم کاتە دژوار و چارەنوس نادیارەدا. لە ئەمرۆدا کە سەرەڕای ئەوەی کوردستان پڕ لە کێشەیە, گوتاری کوردییش دوچاری دژواری یان سەرلێشێوانێکی سەخت بووە, ئەویش عێراقچێتی و سەربەخۆییە. کاتێ کورد پەلێکیان لە بەغدایە و پەلێکی تریان لە کوردستانە, کێشەی ئالا ئالۆز تر ئەکات. چونکە بە کورد دەوترێ ئەگەر خۆت بە عێراقی دەزانی بۆ ناڕازیت ئالای عێراق لە ئاسمانی وولاتەکتدا شەکاوە بێت , ئەگەر خۆشت بە عێراقی نازانی و خەون و ئاواتی سەربەخۆیی وازت لێ ناهێنێ, بۆ دێیت لە بەغدا پێشبڕکێی دەسەلات دەکەی ؟ بە ڕاستی من خۆم وەک کوردێک هەر کەسێک ئەم پرسیارەم لێ بکات و ئەم ڕەخنەیەم لێ بگرێ, هەرچەند شوڤێنی بێت, پێم وایە ڕەخنەکەی لە جێی خۆیەتی.

ئێستە ئەو سەرکردە کوردانەی لە بەغدان چ هەلوێستێکیان دەبێ جگە ئەوەی بلێن مەبەستی سەرکردەکانی کورد کە لە کوردستانن ئەوە بوە و ئەوە نەبووە ... هەر بۆ ئەوەی مەسەلەکە وەک هەموو مەسەلەکانی تر بکەن بە ژێرەوە .

**باشه ئەگەر مەبەست ئەوە بوە کە ئەو ئالایەی کە الله اکبر تێدایە لابرێ تا ئالایەکی تری بۆ هەموو عێراق دادەنرێ, ئیتر ئەم شەڕە ڕاگەیاندن و تەسریحاتەی بۆچی بوو, هەژاندنی هەستی شۆڤیەنیەتی خەلکی شۆڤیەنی بۆچی بوو ؟ بۆ وەک هەموو گەلانی تری عێراق کودریش چاوەڕێ ناکات تا ئەو کاتەی کە گوایە ئالایەکی تازە بۆ عێراق دیاری دەکرێ ...یان لە پێناوی چی لە لایەک سنگی خۆمان دەرپەڕێنین و لە لایەکی تریش ناچار بین بلێین :( کەی ئالای نوێی عێراق دیاری کرا , لەسەر سەری دەنێیین ). کە ئەمەیان لە بڕیاری ئالا داگرتنەکە نەشیاو ترە, چونکە عەرەبە عێراقیەکان هێشتا ڕێنەکەوتون لەسەر هیچ جۆرە ئالایەکی تر. کورد پشتیوانی و پشتگیری خۆی بۆ ڕاگەیاند. بۆیە بە داوای لێبوردنەوە دەنگی خۆم ناخەمە پال دەنگی مالپەڕی دەنگەکان و هیچ دەنگێکی تر کە پشتگیریکردنی خۆیان لەو بڕیارەی بەرزانی ڕاگەیاندوە.**

**چونکە پێم وایە ئەمڕۆ کە کوردستان پڕە لە کێشەی جۆراوجۆر ....... لابردنی ئالایەک و دانانی ئالایەکی تر هیچکام لەو کێشانە چارەسەر ناکات, ئەگەر ئالۆزتری نەکات!! بەلکو ئەمە هەر ئایدۆلۆژیایەکە بۆ هەژانی سۆزی نەتەوایەتی و لە بیربردنەوەی ئەو کێشانەیە کە جەوهەرین. یان هەر بۆ ئەوەیە سەرکردایەتی پارتی ماوەیەکە دەبینێ لەبەر بێ ئاوی و بێ کارەبایی و گەندەلی کەس باسی شەهامەتی تێکۆشانی ئەوان ناکات خەریکە ڕوویان لوەردەگێڕەن. بۆیە پێویست دەکات مەسەلەیەک بهەژێنن کە چەپلە و هیتافکێشان بە شکۆمەنداری ئەواندا, گەرموگوڕ بکەنەوە .**

**ئێمە کە پێمان ناکرێ جیا بینەوە و هەر دەچینەوە باوەشیان, سنگیش بۆ دەدەپەڕێنین. تەسریحاتی لەم جۆرە بۆ دەدەین : (( ئێمە ئەگەر ڕازی بین لەگەلیاندا بژین, ئەوە دەبێ ئەوان زۆر مەمنون بن))1.**

**ئەگەر ئێمە بۆ سوتەمەنی و بۆ کارەبا بۆ زۆر شتی تر پێویستیمان بە- ئەوانە- ووتەی لەو جۆرە چی دەگەیەنێ ؟ غەیری ناوی زل و دێی وێران... یان ووتەی گەورە و بێ کردار.**

**ناکرێ فێری ئیشکردنی سەنگین و بێدەنگ بین , ناکرێ مالی خۆمان ڕێخەینەوە بێ ئەوەی سیفاتی نامرۆڤانەی ئەویتر بهەژێنین, ناکرێ لە هەموو شتێک هاوار نەکەین و زوو بە هەمووشتێکیش هەلنەپەڕین .. ئایا داگرتنی ئالا بەو شێوەیە شیاوترە یان لە ڕێگەی یاسا و بەرلەمان و دەزگاکانەوە, ئیتر نرخی پەرلەمان و دەولەتی دەزگاو یاسا لە کوێدایە ؟؟ یان نە دەکرا ئالاشمان دەگراتایەو نەشمانکردایە بە هەراو هوریا. یان ئەو هەراوهوریا یە خۆی مەبەست بوو. چونکە ئەوە چەند سالە لە هەولێر ئالای عێراق هەلنەکراو و هیچ کێشەیەکیش نەبووە, نەدەکرا لە سلێمانیش بە بێ هیچ بڕیار و تەسریحات و هاوار کردنێک بێدەنگ ئالا داگیرایە.؟؟ !!**

**یان ئێمەی کورد هەرگیز وانە لە مێژوو وەرناگرین, ((ئێمە ئازاین, ئێمە ناترسین, ئێمە مننەتمان بەکەس نیە)) تا دەمرین وویردی سەرزمانمان دەبێ .**

---

**1- مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرمی کوردستان هەفتەنامەی یەکگرتوو ژمارە 605**